## ماموستا خالید حیسامی (هێدی)

پاش مەرگی نەمر محەمەد نووری (عەتری گلۆلانی) (بڕوانە ژمارەی پێشتری ئەم زنجیرەیە)، وێدەچێت تاکە شاعیری بەجێماوی سەردەمی کۆماری کوردستان ڕێزدار ماموستا خالیدی حیسامی (هێدی) بێت.

لام وایە ئێمە هەموو لایەکمان لە ناسین و ناساندن و شی کردنەوەی شیعری هێدیدا تووشی کەم کاری و کەم تەرخەمی هاتوین. واهەیە یەک لە هۆکارەکان گۆشەگیری و کەمترخۆدەرخستنی شاعیر بێت، بەڵام ئەوە تەنیا بەشێکی کەمی کێشەکەیە و ئێمە دەبێ بەخۆماندا بچینەوە و بزانین ئەو دڵۆیە بۆچی سەری هەڵداوە و شاعیری هەستیار و خەیاڵ ناسکی وەک هێدی کە نزیکەی هەموو تەمەنی لە خزمەت گەلەکەیدا بووە و بە قەڵەم و قەدەم ئەرکی کوردانەی خۆی بەرانبەر بە نیشتمان بەجێ هێناوە، بۆ لە باس و خواس و هەواڵی ڕۆژانەی هونەریی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانماندا نییە، کە دەبوایە ببێت. گەلۆ حزبایەتی و دووبەرەکی هۆکاری مەسەلەکەن؟ ئەی نووسەر و هونەرمەندانی سەربەخۆی نا-حزبی لەکوێن و بۆ لەم باسەدا بێدەنگن؟ گەلۆ ئەوەیە ئەنجامی خزمەت و پاکی و ڕاستی لە پێناو کوردستان؟

"ما بارگه داديم، اين رفت ستم بر ما
بر قصر ستمکاران تاخود چه رسد خذلان؟" (خاقانی)

بۆنەی ئەم باسە، دەرچوونی چاپی دووهەمی "ئاوێنە شکاو – یان بیرەوەریی هێدی" یە، کە دەزگای ئاراس لە هەولێر لە ساڵی 2008 دا بڵاوی کردۆتەوە. بیرەوەرییەکان، لە بەشداریی هێدی لە کۆمەڵەی ژێکافەوە دەست پێدەکەن و بە حزبی دیموکراتی کوردستان (1946) و شۆڕشی ئەیلوول هەتا هەرەسی 1975 و سەرهەڵدانەوەی ژیلەمۆی شۆڕش درێژە پەیدا دەکەن، کە هەرکام لەو بەشانە جێگەی وردبوونەوەی تایبەتن، بەڵام ئەم زنجیرە وتارەی ئێمە تەرخانی شتێکی تایبەت کراوە و ئەویش بۆکان و مێژووەکەیەتی.

هێدی خاڵکی گوندی شێخاڵی یە لە نێوان بۆکان و مەهاباد و خۆی بە خەڵکی مەهاباد دەزانێت، کە هەر ئەوە بەسە بۆ دیاریکردنی شوێنایەتیی هەمووکەسێک. گوندی شێخاڵی گەرچی سەر بە بۆکانە بەڵام گێرەی لە قۆرغان و قەڵاچۆغە و یاڵاوا دەگەڕێتەوە کە سەر بە مەهابادن. هەرچۆنێک بێت، گرنگ نییە، هێدی ڕۆڵەی ئەو ناوچەیە و لەوە گرنگتر ڕۆڵەی کوردستانە و لە پێناویدا، خۆی گوتەنی، *نیوەی تەمەنی لە پێشمەرگایەتی و ناو مەقەڕدا تێپەڕیوە* (لاپەڕە320).

باسی بۆکان و بنەماڵەی حیسامی کە زۆربەی ئەندامەکانی ئێستا لە بۆکان دەژین، لە زۆر بابەتی کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە :

لە لاپەڕە 10 دا نووسراوە : *"ئەمڕۆ 1996/6/25 دەستم بۆ نووسینی ئەم کتێبە کرد. ... من 69 ساڵ پێش نووسینی ئەم بیرەوەرییانەم لە ناوچەی موکریانی سەر بە مەهابادی کوردستانی ئێران لە گوندێک بەناوی "شێخاڵی" کە کەوتۆتە نێوان هەردووک شاری مەهاباد و بۆکان چاوم کردۆتەوە"*. بەم پێیە ساڵی لەدایکبوونی شاعیر دەبێ 1927ی

زایینی [1306 ی هەتاوی] بێت. بەڵام لەو لاپەڕەیەدا، گۆڕینی ڕێکەوتەکان بۆ ساڵی هەتاوی هەڵەیەکی تێکەوتووە و لە جیاتی 1375/4/5 نووسراوە 1357، کە هەڵەیە.

ئەو لاپەڕانەی دیکەی وا باسی بۆکانیان تێداکراوە، بریتین لە:

16، 17، 20، 52، 53، 54، 56 -59، 65، 76، 109، 120، 124، 125، 126، 149، 173، 181، 257

هێدی هەروەها لە کتێبەکەدا باسی هەندێک لایەنی تاریکی مێژووی هاوچەرخی کوردی کردوە، کە جێگەی سەرنجن و لەوانە، کەسایەتی نەمر بارزانی، بێ سەر و شوێن بوونی سدیقی ئەنجیری، کۆچی دوایی ئەحمەد تۆفیق، پەیوەندی خۆی لەگەڵ کاک مەسعوود و کاک نێچیروان بارزانی و بەشداربوونی لە کۆڕ و کۆمەڵ و سیمینار و کۆنگرە و هەروەها چۆنیەتی چاپکردنی کتێبەکانی لە ئێران و لە کوردستان. گەرچی چاوەڕوان دەکرا گەلێک بابەتی شاراوەی مێژووی ئەو ساڵانە بۆ خەباتگێرانی دواڕۆژی کوردستان ئاشکرا بکات.

کتێبەکە - وەک زۆربەی زۆری ئەو بیرەوەرییانەی وا لە ساڵانی رابردوودا نووسراون لە تەوس و پلار بۆسەر خەڵکانی تر و لەوانە بۆسەر مەسعوود محەمەد (کە بە "کوڕی مەلا کۆیە" ناوی بردوە)، خاڵی نییە و سەرنج ڕاکێشە کە لە هیچ شوێنێکدا ناوی هەژاری موکریانی نەهێناوە کە پێکەوە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشداریان کردوە و دوای هەرەسی شۆڕش پێکەوە چوونەتە رۆژهەڵاتی کوردستان و کەرەج، گەرچی واهەیە هەندێک گلەیی و رەخنە روویان لەوبێت.

لە لاپەڕە 86 تا 95 دا دەقی شیعرێکی "خێرویژ" و وەڵامی هێدی بۆ ئەو بلاو کراوەتەوە. من لە بەشی 120 ی ئەم زنجیرە ووتارەدا گۆتبووم کە "خێرویژ" ناسناوی شیعریی نەمر میرزاعەلی سەمیمی یە کە خەڵکی سنە و نووسەری دیوەخانی حەمەحسێن خانی سەرداری بۆکان بووە و دواتر چۆتە گوندی قەلەندەری بۆکان و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا وا هەیە ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدا نەبووبێت، لە بەر ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی بە کەسایەتی ئەو سەربازە وونەی ئەدەب و سیاسەتی گەلەکەمان نەکردووە.

من لە بەشێکی دیکەی ئەم زنجیرەیەدا دەچمە سۆراغی دیوانی شیعرەکانی هێدی بە ناوی "کاروانی خەیاڵ".

خالید ئاغای حیسامی(هێدی)، "ئاوێنە شکاو – یان بیرەوەریی هێدی"، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووهەم، 2008، 360 لاپەڕە .

